**شینی هەڵەبجە  بەهاری کوردەواری**

مامۆستا حەقیقی
بۆکان بەهاری 1367ی هەتاوی

بە جورعە و مورعە کار پێک نایە ساقی پڕکە مینایە
بەقەد کێوی دەماوەند وسەهەندم خەم لە دڵ دایە

بەهارە و لێی تەوەللایە گەشەی باغ و نەشەی بولبول
بەهارە و کەس لە گوێی نایە نەوا و ناڵەی دەف و نایە

بەهارە و بولبولی باغی تەبیعەت مات و بێ دەنگە
بەهارە و نایە قاسپەی کەو بەهارە و دەنگی نەی نایە

بەهارە و کاتی زیندووبوونەوە و رازانەوەی عەرزە
بەڵام چەلچەل لەرووی حیکمەت قەزا بەرعەکسی مانایە

بەبۆمی شیمیایی و مووشەک و ئەبزاری وێرانگەر
وڵاتی نیشتمانی ئێمە وێنەی هیرۆشیمایە

دێهات و شاری خاپوورە و لەسەر عەرزی سەماویشی
بەغەیری بۆنی بۆم و دەنگی بوومی شوومی لێ نایە

لەخوێن گەوزیوەکانی شارەکانی نیشتمان زۆرن
بەڵام شاری هەڵەبجەی پێش قەڕەوڵ و دەس بەئاڵایە

بەهارە و وەک گەڵارێزانە تەرمی نۆنەمامانی
نەما مانی هەتا رەسمی نەمامانی بکێشایە

لەبانگێدان و قوڕپێوان و قژهەڵکەندنە لەولا
گرین و خۆڕنین و شین و واوەیلایە لەم لایە

سەدان خونچەی نەپشکووتوو هەزاران نەرگیسی خەوتوو
بەگێژی گێژەڵووکەی بای دژی ژین تەرت و توونایە

شەڵاڵی خوێنی خۆیانن دەبا قەت شین نەبێ لالە
رەفیقی شین و گریانن چ موحتاجن بەشینایە

سەدان دایک دەبینی کۆرپەساواکەی لە باوەشدا
مەمی دایەی لە دەم دایە و لە هیچیانیش پشوو نایە

وڵاتێکی کە کۆڕی کەیف و خۆشی بوو وەها گۆڕا
بووە گۆڕی هەزاران کیژ و لاوی دڵ بەدنیایە

گڕی تێبەر بوو پارچەی رووی سپی و شینی بەڕەش گۆڕی
لە جێی بەزم و تەرەب شینگایە حوجرەی بووک و زاوایە

گوڵی باغی ژیان پەڕپەڕ بوو جەرگی لالەکان سووتا
ویشک بوو سونبول و نەسرین هەڵاڵە و سوێسنە بۆی نایە

لە کێ بیستووتە فەسڵی گوڵ نەمامان شەختە لێی دابن
لە باغی کێ بەهاران دیوتە سەروی نازی پێ رایە

ئەگەر پێت خۆشەحاڵی بی لە مانای زەلزەلەی ساعەت
بڕۆ شاری هەڵەبجەی زەلزەلەی خستۆتە دنیایە

چیا بۆ رۆڵەکانی شێن دەکا و رووی خۆی رنی بۆیە
شیاری رووومەتی پەیدایە کاتی رۆشن و سایە

لە ئادارا هەور ئەسرین دەبارێنێ لە گوڵزاری
گوڵ و نەسرینی نیسان و ئەیاریش خۆی و ئەو خوایە

براکان من عەزاداری عەزیزانم بەڵام چبکەم
لەقەڕنی بیستەما ئێستاش بەهاری کوردی هەروایە

بەرەنگی سوور و شین خەمڵیوە باغی لێ ژیان یانی
دەمێ سوور و دەمێکی شینە ئەو قانوون و یاسایە

سپی قاتی نشین بۆقوژبن و سووچی دەواری رەش
وەتەن ئاوارە و بێ سووچ و تاوانن لەسەحرایە

بەیاسای کۆمەڵی بەینەلمیلەل یاساغە شەڕ ئەمما
لەخاکی نیشتمانی خۆی قڕانی کوردی فتوایە

هەبێ گەر لاگری مافی بەشەر سابت دەبێ عونقا
مەڵێ شووڕا هەوایە و کۆمەڵی بەینەلمیلەل بایە

ئەگەر قاچاغە بۆمی شیمیایی بۆ پرن ئێستا
لەزمارانی سەممی خەستەخانانی ئورووپایە

هەرا لەو هۆدەیەی بێهوودەیە کەس سودی لێ نابا
عەداڵەت لای ئەوان بێ قەدرە ئیسمی بێ موسەممایە

وەرن ئەی بەچکە شێرانی سەلاحەددینی ئەییووبی
وەرن ئەی میللەتی خاوەن شکۆ و ئازا و بەرزپایە

وەرن هێرش بەرن مەردانە و کوردانە دەربێنن
بەمەڵغەی ئاسنین بەردی بناغەی بەعسی بەغدایە

مەگەر لای ئەو جینایەتکارە پووشە میللەتی کوردی
بە وێنەی جەنجەڕێ دەی ئەنجنێ و دەیخاتە بەر بایە

وەبیرووددێ لە کۆڕی ئەلجەزیرەی چی بەسەر هێنان
وەکوو هەرزن بڵاو و سووکی کردن وەک پەڕی کایە

دێهاتی لێ رماندن، باغی سووتاند ئاوی خنکاندن
بەسووتان و رمان بەرجە بەخنکانوو دەکا کایە

دەبێ کێ بێ رەز و کۆخی نەسووتابێ و نەرووخابێ
چ کوردێ بوو ئەوەی زیندان و تەبعیدی نەدیبایە

جنایەتکاری قەڕن و خوێنمژە سەددامی تەکریتی
بەفتوای شەرع و دین مەحکوومی قەهری حەق تەعالایە

کند با مردمان با گاز خردل بازی آن خردل
بود نابخردی امید مردی زین فرومایە

وەرن ئێوە و خوداتان یەک کەون بۆ تۆڵە ئەستاندن
حەقیقی غەیری هاوار و دوعا چیدی لە دەس نایە

بۆکان بەهاری 1367ی هەتاوی